# کێشە بنەڕەتییەکانی ئاکاری مۆدێرن

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

١ - ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە، لەو ڕۆژەوە بابەتی ئاکار شان بە شانی لۆجیک و میتافیزیک کە لە لایەنی مامۆستای یەکەمەوە (ئەرستۆتالیس) کراوە بە لقێکی سەربەخۆی فەلسەفە و لەسەر دەستی ئەو لە ڕوخسار و ناوەڕۆک و بابەتەکانیدا خەتوخاڵی داوە، هەمیشە ڕووبەڕووی هەڕەشەی لە دەستدانی سەربەخۆییەکەی و بوونی بە پاشکۆ بووەتەوە.

ئەو گەڤانە کە بوون بە هەوڵ و کۆششێک کە گاڵتەیان پێ ناکرێت و تا ڕادەیەک و بۆ ماوەیەکیش تێیاندا سەرکەوتوو بوون لەلایەن هەرسێک بابەتی ئایین و سیاسەت و زانستەوە ڕابەرایەتی کراوە. لەگەڵ پەیدابوونی هەردوو ئایینە ئیبراهیمییەکە (بەدەر لە جوولەکە کە نایەوێ خەڵکی دیکە باوەڕی پێ بهێنن و بە عەرەبی پێی دەگوترێ تەبشیری نییە) مەسیحی و ئیسلام، یەکەمیان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی، ئەوجا سەرانسەری ئەورووپا و دوورگەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتین و دووەمیان لە ئاسیا و ئاسیای بچووک جێگیر و بڵاوبوونەتەوە، پێویستیان بە ئامرازێک هەبووە کە دووسەرە کارابێ، ئەویش ئاکار بووە:

یەک: کاروکرداری خەڵکی پێ سنووردار بکەن (ئەمە بکە و ئەوە مەکە، چاکەکاریی و بەدکاریی- حەلاڵ و حەرام)، بەمەش کردنیان

بە ژێردەستە و هێنان بۆ ژێر ڕکێفی خۆیان سووک و ئاسانتر دەبێت.

**دوو:** بنەما و دۆگمەکانی ئایینە کە پێی پاساو و جێگیر بکرێن. دەرفەتی هیچ جۆرە ڕەخنە و گومانێک نەمێنێ، بگرە ئەو هەڵوێستەی خەڵک بە لادان لە ڕێگەی ڕاست دەستنیشان بکرێت.

- ئەگەرچی دوای سەدەکانی ناوەڕاست گەشەکردنی کۆمەڵگەکانی ئەورووپا لە نەزمی دەرەبەگییەوە - بە پلە و ئاستی جیاواز لە یەکتری - بەرەو نەزمی سەرمایەداری ئایین پاشەکشەی پێ کراوە و سیاسەت لە شارەکاندا جێگای گرتووەتەوە، بەڵام شانۆکە (تاس و حەمامەکە) هەر خۆی بووە تەنیا کارەکتەر و ڕابەران گۆڕان و ئاکاریان بۆ ئەو دوو مەبەستە خۆی بەکارهێناوە. ئەگەر جاران چەمکی گومڕایی و بێ باوەڕیی (کوفر و ئیلحاد) بەکارهاتبێ، لە سیاسەتدا چەمکەکان بوونە: کۆنەپارێز کۆنەپەرست- پێشکەوتنخواز.

- گەڤ و هەڕەشە گەورەکە لە شۆڕشی زانست و پەرەسەندنی تەکنۆلۆجی سەردەمەوە سەرچاوەی گرتووە. ئاکار کەوتووەتە بەردەم دووڕیان، دارێکیان داوەتە دەستی هەردوو سەری ناکرێ بگیرێ. پێی لەسەر بوونی سروشتی خۆیی و ڕینمایی و بنەما بنەڕەتییەکانی دابگرێ، یان دەست بە سینگەوە بگرێ و هەرچی زانست کردی، بڵێ دروستە و فەرمایشتە؟!

خێزان، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریت و کۆمەڵگە خۆی پرشکی ئەو هەڕەشەیەی زانستیان بەرکەوتووە. بگرە مرۆڤی تاک خۆی لەبەردەم کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەدا- کە مایەی پەرەسەندنی تەکنۆلۆجین- نیگەران و حەپەساو و سەرسامە چی بکات؟ چار چییە؟ ئەمانە بوون ئەو بەڵێنانەی زانست بە مرۆڤ و کۆمەڵگەیان دابوو؟!

٢- لە زمانە ئەورووپاییەکاندا دەربارەی ئاکار، دوو چەمک بەکاردەهێنرێ، وا ئاسان نییە لە کوردیدا بەرانبەرەکانیان بدۆزرێنەوە و ئیتیک، مۆڕاڵ: بۆیە ناچاربووین تەنیا هەر وشەی ئاکار بنووسین. کە مرۆڤ قسە لە ئاکار (فەلسەفەی ئاکار) دەکات هەندێک چەمک سەر ئاو دەکەون کە تانوپۆی بابەت و ئامراز و ئامانجەکەی دیار و دەستنیشان دەکەن.

چاکەکاریی، بەدکاریی، کاروکردار، نیازوڕاز، ڕێنمایی، ئامۆژگاریی ئەرک، پابەندبوون، فرمان بە هەردوو جۆرییەوە: ژیرەکی و کۆمەڵایەتی، چێژ و خۆشی، بەختەوەریی و کڵۆڵی، لە هەموویان گرنگتر: پێوەر: (نۆرم): چۆن کرداری پەسەند لەوی تر جیا دەکرێتەوە، ئەوەی لە بابەتی فەلسەفەی ئاکاردا گرینگە، لە هەمان کاتدا جێگای مشتومڕ لەسەرکردنەوەو ئاسۆی چارەسەرەکەشی تەمومژاوییە بەبێ بەرتەسک و تەنگکردنەوەی ئازادی کاروکردار، پشتڕاست کردنەوە و دەربڕینی پێوەری هەڵسەنگاندن لە ئاکاردا تەنیا هەر بە دەستەواژەی (١) زمان دەبێ! ئیتر چەند جۆر دەستەواژە لەو بارەیەوە لە ئارادایە؟! ئایا پشت ڕاستکردنەوەکە، کردارەکە دەگرێتەوە، یان دەربڕینی ئەو کارەی بەپێی پێوەرەکە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئاکارییانەی پێ دەبەخشرێ وەک بارێک لە بەرانبەر بنەیەکدا؟!

- کێشەکە لێرەوە، لە ڕوانگەی لۆجیک بەتایبەتی و لەهی فەلسەفەوە بەگشتی دەردەکەوێ: دەستەواژەی پڕ واتا و سوودبەخش بەپێی بەهاکان دەکرێ بە سێ جۆر:

**یەک:** دەستەواژەی ڕاست کە ئەوەی دەیگەیەنێ و دەری دەبڕێ، دەکرێ پشت ئەستوور بە بنەمای تایبەتی ساغ کردنەوە، ئەو خەسڵەتەی جێگیر بکرێ.

**دوو:** دەستەواژەی چەوت و هەڵە، ئەمەش هەر بەو پێوەرە دەکرێ بەهاکەی پشتڕاست بکرێتەوە.

**سێ:** دەستەواژەی بێ واتا، ئەمانە پتر دەچنە خانەی میتافیزیکەوە، کەوابوو ئەو دەستەواژانەی ئاکار دەردەبڕن لە چ خانەیەکدا پۆلێن دەکرێن؟!

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگوترێ جۆرێک لە دەستەواژەی ئاکارییانە هەیە کە فرمان دەردەبڕن. ئەگەر دەستەواژەی ئاسایی بەوە پشتڕاست بکرێتەوە تا چەند لەگەڵ ئەو فاکتەدا لەگەڵ ڕووداوی هەڵکەوتی دەوروبەردا کە دەری دەبڕێ، دێتەوە و دەگونجێ، جۆری دووەم کە فرمانە و ئەرکی سەرشان دیاری دەکات و مرۆڤ ناچار دەکات پابەند بێ پێوەی و جێبەجێی بکات، ئەو پێوەرە نایگرێتەوە. لەبەر دوو هۆکار:

**یەک:** فرمان کە دەردەچێ خەسڵەت و سروشتە سەرەکییەکەی ئەوەیە بایەخ بەڕاست و ناڕاستییەکەی نادرێ، بەڵکوو جۆرە پابەندبوونێکی ناچاریی پیادە و جێبەجێ کردنەکەی دەسەپێنێ.

**دوو:** چۆن سزایەک، یان پاداشتێک بەدوای ئەنجامی دەرکەوتەی جێبەجێ کردنی و نەکردنیدا دێن. ئەو سزا و پاداشتە بەپێی ئەو سەرچاوەیەوە دەبێ (ئایین، قانوون، ئاکار) کە لێیەوە دەرچووە!

ئەمە بەهەردوو ڕەهەندی دەستەواژەکەوە، کێشەیەکی سەرەکییە کە ڕووبەڕووی توێژینەوەی بنەماکانی (فەلسەفەی) ئاکار دەبێتەوە. دوور نییە لێرەدا بگوترێ بۆ هەڵسەنگاندنی فرمانی ئاکاری، پێویست بە بنەمای لۆجیکی ناکات، بەڵکوو بۆ دڵنیابوون لە دروستی ئەو کردارەی بە پێی فرمانە ئاکارییەکەوە کراوە، پێویست بەوە دەکات بزانرێ تا چەند کردارە خوازراوەکە لەگەڵ فرمانەکەدا دەگونجێ و دێتەوە؟ بەڵام ئەو زانینە لە خۆیدا وا سووک و ئاسان نییە و دیسانەوە پێویستی بە پێوەری تایبەت بەخۆی هەیە! ئەو پێوەرە ئەوە بە هەند دابنێ و لەبەرچاو بگرێ تا چەند ڕەوایەتی لە فرمانەکەدا بەدی دەکرێ؟ لە چ لایەنێکەوە و بە چ نیاز و مەبەستێک فرمانەکە دەرچووە؟ بە پێی هەموو پێوەرێک، کوشتنی مرۆڤ، ئیتر بە هەر جۆر و شێوەیەک بێ، نەک هەر پەسەند و ڕەوا نییە، بەڵکوو تاوانە! بەڵام مرۆڤێک بەپێی بنەماکانی کڵێسەی مەسیحی (شەرع)، یان بەپێی قانوون، دادوەر- دادگا فرمانی کوشتنی بەسەردا دراوە ئەو کەسەی ڕادەسپێردرێ مرۆڤەکە بکوژێ بە بکوژ (تاوانبار) دانانرێ، ئیتر پێوەرەکە پشتی پێ دەبەسترێ: ئایا ئەو فرمانی کوشتنە پەیڕەوی دادی کردووە، یان نا، هەر چۆنێک بێت، وا بە ئاسانی یەکلایی ناکرێتەوە.

٣- کێشەیەکی دیکە پێوەندی نێوان ڕێنمایی و پێوەری ئاکارییانەیە! ئەو پێوەندییە چۆنە؟ بەچی لەیەکتری جیا دەکرێنەوە؟ ئاماژە بە چی دەدەن؟!

ڕێنمایی، کە لە جیاتی (ڕێگڵ) و پێوەر لە جیاتی (نۆرم)ی ئەڵمانی بەکارهاتوون، پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەو پێوەندییە بەبێ کێشەوبەرە نییە، بەتایبەتی ئەو کاتەی جۆرە جیاوازی و پێکەوە نەهاتنەوەیەک لەنێوان ڕێنمایی و پێوەر سەرئاو دەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا:

وشەی ڕێنمایی چەمکی هەمەکی گشتی دیار و دەستنیشان دەکات، بەڵام وشەی پێوەر لەلای خۆیەوە بۆ بەکارهێنانی جۆری تایبەتی ڕێنمایی پشتی پێ دەبەسترێ (٢). بەو پێیە پێوەرەکان، فرمانە گشتییەکان دیار و دەستنیشان دەکەن کە پاداشت و سزایان بەدوادا دێت. پاداشت بە واتای پەسەندکردن و ڕێزلێنان، بەڵام ڕێنماییەکان هیچ جۆرە ستایش و پەسندکردن، یان سزادانیان لێ ناکەوێتەوە. لێرەدا مەبەست تەنیا هەر پێوەرە ئاکارییەکانە کە بۆ هەڵسەنگاندنی کاروکردار

بەکار دەهێنرێن.

ڕێنماییەکان ئەو فرمانە گشتییە هەمەکییانەن کە مەرج نییە سەرپێچی لێ کردنیان سزا و سەرزەنشتی لێ بکەوێتەوە! سزا و سەرزەنشت پتر دەسەڵاتی پێوەرەکان دەیسەپێنن و دیار و دەستنیشانی دەکەن و دەمێنێتەوە چۆنێتی پیادە و جێبەجێ کردنەکە.

- لەلایەکی دیکەوە پاساودانی دروستیی فەرمانە گشتییە ئاکارییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە دەبنە مایەی سنووردارکردنی دەستیاوی ئازادی کردار و کاری تاکەکان، ئەمە لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە پێوەر و ڕێنمایی (بنەماکان) و دەستەواژە دەربڕەکانی ڕازونیاز و نییەت دەچنەوە سەر بنەمای فرمانی ئاکارییانە، ئیتر ئەو پرسیارەی لێرە دەکرێ ئایا پاساودان و پشتڕاست کردنەوە کامیان دەگرێتەوە.

ئەو دەستەواژانەی ڕازونیاز دەردەبڕن، یان کاروکردار و خواستی مرۆڤ - تاکەکان؟! لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کێشەی پێوەندی نێوان هزر- دەربڕین- کردار سەر ئاو دەکەوێ! جیاکردنەوەی ئەم سێ بابەتە لەیەکتری وا سووک و ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر گەوهەر و چییەتی هەر یەکێکیان بەجیا (هزر- کردار) سەرنج بدرێ وەک دوو بابەتی سەربەخۆ و جیاواز دێنە بەرچاو! بەڵام ئەگەر هەریەکەیان لە بوونیاندا لە نموونەی کۆنکرێتیدا تەماشا بکرێن، جۆرە پێوەندی و لەیەکچوونێک لە نێوانیاندا هەست پێ دەکرێ، ئیتر دەکرێ بە ڕێگایەکی ژیرەکییانە قسە لە کاروکردار بکرێ و دەشێ لەلایەکی دیکەوە بە شێوازێکی گشتاندن باسی هزر و بیرکردنەوە بکرێت (٣)، کەواتە پشت ئەستوور بەوەی گوترا، چ جۆرە پێوەندییەک دەکرێ لەنێوان چاکەکاری- ئەوەندەی بابەتەکە ئاکاربێت- و کاروکرداردا هەیە؟!

٤- لاری لەوە نییە کە چاکەکاری (خێر) دەکرێ بە سێ جۆر:

- کارێک خۆشی و چێژی لێ بکەوێتەوە، ببێتە مایەی دڵخۆشکردن.

- کارێک کە سوودبەخش بێ.

- کارێک کە ڕاستودروست بێت.

ئەو کارەش کە خرایە پارسەنگی چاکەکارییەوە بەپێی جۆری ئەو پاڵنەر- هاندەرە دەگۆڕێ کە بووەتە مایەی کردنەکەی، ئیتر ئەو پاڵنەرە: ئارەزوو بێ، یان سوود و قازانج، یان ئەرک و فرمان بێت. هەر بەو پێوەرە بەها ئاکارییەکانی کاروکردار دیار و دەستنیشان دەکرێن. ئەو کارەی هاندەرەکەی ئەرک و فرمان بووبێ و بە دروستی ڕاهی کرابێ لە ڕوانگەی ئاکارەوە بە چاکەکاری و ڕەند دەژمێردرێ! بەڵام چاکەکاری لە خۆیدا چییە؟ (لە زمانی کوردیدا چەمکمان نییە بەرانبەر خێر- فەزیلەت- ئیحسان)، بۆیە مرۆڤ ناچار دەبێ پەنابەرێتە بەر چەمکی (چاکەکاری). ئایا ئەگەر چاکەکاری سوود و قازانج و چێژی بخرێتە پارسەنگەوە، بەها ئاکارییە (مۆراڵییەکەی) دەمێنێ؟!

- چاکەکاری وا بە ئاسانی پێناسە ناکرێ، لێرەدا قسەکەی سانت ئۆگوستین دەربارەی پێناسەی کات دێتەوە یاد و دەکرێ بۆ بابەتی چاکەکاری پشتی پێ ببەسترێ.

سانت ئۆگوستین گوتوویەتی: کات چییە؟ ئەگەر هیچ کەسێک لەبارەیەوە پرسیارم لێ نەکات، دەزانم کات چییە! بەڵام ئەگەر بویسترێ ڕوونی بکەمەوە و لێم بپرسرێ، ئەوە نازانم چییە (٤)! هەر کەسێک وشەی چاکەکاری ببیستێ، دەزانێ مەبەستەکەی چی دەگەیەنێ، بەڵام وا سووک و ئاسان نییە شرۆڤە بکرێ و بۆ کەسانی دیکە ڕوونی بکەیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا:

چاکەکاری (ڕەند) لە خۆیدا لە بەهای ئاکاری بەولاوە شتێکی دیکە نییە، ئەو بەهایە، ئازادی دەکات بە پێش مەرج کە پشت بە

خواستی ئازادی مرۆڤ دەبەستێ. ئەم پرۆسەیە هەروا سووک و ئاسان نییە و ڕووبەڕووی چەندان ئاستەنگ و کۆسپ و کێشە دەبێتەوە و لە خۆیدا پێویستی بە کۆشش هەیە. بابەتی ئاکار هیچ کاتێک بەبێ خواستی ئازادبوونی نابێ و بڕ ناکات. ئەو خواستی ئازاد و بەهایە لەلای خۆیانەوە نموونەی بەرزی مەبەستی ژیان دیاری دەکەن.

- ئەگەر شرۆڤەکردنی چاکەکاری سووک و ئاسان نەبێ، لەوەوە کەوتووەتەوە:

**یەک:** چەمکە وشەکە لە خۆیدا ناوی خەسڵەتێک (سیفەتێکە) سادە و ساکارە، ئەمەش پێناسە ناکرێ.

**دوو:** خەسڵەت و باری چاکەکاریی لەگەڵ ئەو کردار و بابەت و شمەکانە تێکەڵاو دەکرێ کە خەسڵەتی چاکەکارییان هەیە.

ئەمەیە مەبەستی پرۆفیسۆر جۆرج مور کە گوتوویەتی پێوەندی ئەو دوو جۆرە بەم شێوەیەیە (٥):

**یەکەمیان:** لە خۆیدا چاکەکارییە، چونکە ئامراز نییە، بەڵکوو مەبەست و ئامانجە.

**دووەمیان:** ئامرازە و پێوەندی بە شتێکی دیکەوە هەیە کە لە خۆیدا ڕەندە (چاکەکارییە). بەو پێیە خەسڵەتەکە ناکرێ پێناسە و شی بکرێتەوە، کەوابوو ئەوەی چاکەکارییە، بابەتی توێژنەوەی ئاکار نییە، بەڵکوو خەسڵەتی چاکەکاریی، چاکەکاریی بەو پێیەی خەسڵەتە، کەرەستەی سەرەکی زانستی ئاکارە (ئەگەر بشێ لێرەدا وشەی زانست بۆ ئاکار بەکار بهێنرێ).

ئەو بڕیارە - بۆچوونە لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە ڕەوشت و کرداری مرۆڤ سەرەڕای ئامانج و پاڵنەر و هەلومەرجی لە ئارادا بوو لە کۆمەڵگەدا بابەتی توێژینەوەی ئاکارن. مەبەست لە کردار بەهەردوو جۆرەکانییەوە: کارێک کە لە خواستی مرۆڤ کرابێ، یان نیمچە خواستێکی ئازادی لە دواوە بووبێت، بەڵام پرسیارەکە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە و گەرموگوڕیی خۆی لەدەست ناکات: کام کاروکردارە دەکرێ خەسڵەتی چاکەکاریی بخرێتە پارسەنگەوە: ئەوەی ئاسایی کراوە، یان ئەوەی پێویست و ناچاریی بووە و وەک ئەرک و فەرمان دەبوو جێبەجێ بکرێ و ڕاپەڕێنرێ؟!

٥ - جگە لە جۆری هزر و بیرکردنەوەی ئاکارییانە، کێشەیەکی دیکە لەو چوارچێوەیەدا گەڕانە بەدوای هۆکاری دروستی هاندەر کەوا لە خەڵک بکات بزانن بۆ ئەمە لە خۆیدا چاکەکارییە و پەسندە؟!

ئەگەر چاکەکاریی لەخۆیدا بابەتی سەرەکی ئاکار بێت، ئەوە هۆکار و پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەو کار و چالاکییەی خەسڵەتی ڕەند (چاکەکاریی) پێ دەبەخشرێ، سنووری قەڵەمڕەوی ئاکار دەبەزێنێ و دەچێتە نێو خانەیەکی دیکەوە! چۆن دەکرێ مرۆڤ بزانێ ئەو شتە جوانە، خۆشە ئەگەر تامی نەکات و نەیچێژێ، چاکەکاریش هەروایە. کاتێک هەڵسەنگاندنی بەهای خۆی پێ دەبڕێ، ئەگەر بوو بە پێکهاتەیەکی دانەبڕاوی وێناکراو لە هەست و هۆشیاری و سۆزی دەروونی مرۆڤدا. هیچ لاری لەوە نییە کە هەست و سۆز، ئیتر هی تاکەکەسیی بێ، یان لە خۆیاندا، بەهایەکی بنەڕەتین لەگشت پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمەش لە خۆیدا ڕێئالیستی (بابەتیانەی - واقیعی) زانستی ئاکار وەک ڕێبازێکی فەلسەفە ساغ و پشتڕاست دەکاتەوە.

- ئازادی ڕەها و بنەمای کێشەئامێزی ناچاریی (حەتمیەت- دیترمنیزم) گەفی بوونی بەردەوامی بنەماکانی ئاکار دەکەن لە ژیان و کۆمەڵگەدا. ئەو گەف لێ کردنە لە دوو پرسیارەوە کەوتووەتەوە:

**یەک:** ئەگەر کۆمەڵگەیەک لە ئارادابێ ژیان و گوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵک

بەپێی پێویست دابین بکرێ. ئازادی و ئاسایش و داد و یەکسانی ڕەها جێگر بکرێن، تاوان بزر دەبێ و لەجیاتی ڕکابەری و ڕک و کینە، گیانی خۆشەویستی و کۆمەک و هاوکاری نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە دەبێتە دابونەریتی ژیانی ڕۆژانە! کەوابوو ڕۆڵی بنەما و پێوەر و فرمانە ئاکارییەکان چی دەبێ و چییان بۆ دەمێنێتەوە؟

**دوو:** ئەگەر سەرچاوەی بنەما و ڕێنمایی و فرمانە ئاکارییەکان، کۆمەڵگە و شێوازی ژیان و ئامرازەکانی گوزەران و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بن، ئەوجا بنەمای ناچاریی شاکاری پاڵنەری گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵگە بێ، دەبێ بابەتی ئاکار بەخۆشی بێ، یان بە ترشی ماڵئاوایی لە ژیان و کۆمەڵگە بکات؟!

پشت ئەستوور بەو دوو پرسیارە گازندە ئامێزە، بنەماکانی ئاکار، دەستنیشان کردنی ئەرک و ماف (گریمانەکردنیان) پیادە و جێبەجێ کردنی سزا قانوونییەکان لە دەرەوە مرۆڤ پابەند دەکەن و دەبن بە بارگرانی بەسەر شانییەوە، بۆیە ئاکاریش شێوەیەکە لە جۆری سنوور بۆ دانان و کۆت و پێوەندکردنی مرۆڤ و بەهیچ شێوازێک بەلای سەربەستیدا ناچێ و ئازادی مرۆڤ نییە، ئەمەیە مەبەست کە گوتراوە:

لە ڕەوش و دۆخی ئەو جۆرە ژیانەدا، جیاوازی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت (وەک ئامرازێکی دەسەڵاتی چینایەتی) و قانوون و ئاکار و جیاوازی نێوان سروشت و مرۆڤ کاڵ دەبێتەوە، هەر لێرەوە شێوازی ململانێی نێوان بنەماکانی ئاکار و کاروکرداری مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا دێ و دەبێ بە ململانێی نێوان ئەوەی پێویستە هەبێ و ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە و هەیە. ململانێی نێوان ناوەوەی سروشتی مرۆڤ و هەڵکەوتی لە ئارادا بووی کۆمەڵایەتی دەبێ، ئەمەش ڕێگا و شێوازە جیاوازەکانی کاروکردار و هەوڵ و کۆشش دەگرێتەوە.

ئازادی ئەوە نییە کە سنوورەکەی لە دەرەوەی ئازادی مرۆڤدا ڕەنگی بڕێژرێ، بەڵکوو ئەوەیە مرۆڤ خۆی سەربەستانە سروشت ئاسا ڕەهەندی ئازادییەکەی دیار و دەستنیشان بکات.

هـ- بەو پێوەرە خۆی گۆڕان بەسەر چەمکی چاکەکاری و بەدکاری و چەمکەکانی دیکەی بابەتی ئاکاردا دێت. بۆ نموونە:

چاکەکاریی (دوور لە واتا و دەلالەتە ئایینییەکەی) لەگەڵ بەدکاریی سروشتە کۆنە کلاسیکییەکەیان لە دەست دەدەن و دەبن بە شتێکی تر:

چاکەکاریی (ڕەند- فەزیلەت- خێر) دەبێ هۆکار و ئامراز و پاڵنەری کۆمەک و هەماهەنگی و ئازادی، کەچی بەدکاریی (گەند، ڕەزیلەت - شەڕ) دەبێ بە هۆکاری نەفرەت کردن و لە یەکتری دابڕان و سەرشۆڕی و ملکەچی و ژێر دەستەیی. ئەو بۆچوونە بە ڕەهەندێک باری سەرشانی چاکەکاریی قورس دەکات بەوەی چەمکی پێوەندی دەخاتە پارسەنگییەوە، ئەگەرچی چاکەکاریی خۆی خەسڵەت (بارە)، بەڵام بەبێ پێوەندی لە وێناکردن نایەت! چاکەکاریی شتێکی خوازراوە، هەوڵی کردن و پێگەیشتن و بەدی هێنانی دەدرێ، ئەمەیە پێوەندییەکەی. لێرەدا ئەو پێوەندییە سروشت و خەسڵەتی بنەڕەتی کارەکە دیاری دەکات و دەستەبەر دەبێ! چونکە لە دوو ڕەهەند پێک دێت: خوازراو و ئەوەی دەیخوازێ.

٦ - لە چوارچێوەی سروشت و گەوهەری فەلسەفەی ئاکاردا قسە لە چێژ، بەختەوەری، سوود و قازانج و بەرژەوەندی تاک (تایبەت) و گشتی دەکرێ کە پێکەوە هاتنەوەیان، وەک ناکۆییەکانی نێو کۆمەڵگە، سووک و ئاسان نییە.

ئەگەر کارێک ئەنجامێکی لێ نەکەوێتەوە، ئەو کارەش چێژبەخش، یان سوود و قازانجی

تێدانەبێ، چۆن دەکرێ باسی ئاکار و بەختەوەری مرۆڤ بکرێت کە ئەو دوا ئامانجەی ژیانە مرۆڤ سەرگەرمی کۆششی پێگەیشتنیەتی؟!

- ئەگەر بەختەوەری لە هەندێک ڕوانگە و بۆچوونەوە سەروەریکردنی بەرژەوەندی و سوود و قازانجی تایبەتی بێت، ئەوە لە هی ترەوە جۆرە ڕەوشێکە پەسەندکردن و جۆرە دەستبەرداربوونیک پاساو (٦) دەداتەوە، چونکە ناکرێ بەختەوەری تەنیا هەر بابەتێک بێت دەستەبەری ڕەزامەندی کەسایەتی تاک بێت، بەڵکوو دەبێ لەگەڵ پێوەری ژیر و سوود و قازانجی گشتیدا بێتەوە.

- ئازادی ڕەها و داد و یەکسانی بێ سنوور لە ناخی دەروون و مێشکدا نەبێ، بوونیان نییە، هەرگیز لە توانایيدا نییە کۆمەڵگەیەک دابمەزرێ سنووری ڕێژەیی ئازادی و داد و یەکسانی بەزێنێ، ئەگەر مرۆڤ خۆی ئەو دەسەڵات و تواناییەی داهێنانی هەبێ، چۆن دەکرێ بیر لە پاشەکشەکردنی بابەتی ئاکار بکرێتەوە. ڕاستە خواست، حەز و ئارەزوو، ڕازونیاز، بیرکردنەوە و ئاوات و ئامانج هەمیشە سنووری ئاسایی دەبەزێنن و وەک مەل لە ئاسمانی ئەندێشەدا لە شەققەی باڵ دەدەن، بەڵام کار و کردار و توانایی پیادەکردن هەمیشە سنووردارن.

- ئاکار وەک لق و بابەتەکانی دیکەی فەلسەفە بەتایبەتی و کولتووری شارستانیەت بەگشتی پێداویستییەکە پرۆسەی نەسرەوتی ژیان دای هێناوە و تا ژیان مابێ لەسەر زەوی، ئەویش کارایی و گەرموگوڕی خۆی لەدەست نادات، ڕاستە کێشە و بەرە و کەموکورتییەکانی ژیان لە پرۆسەی پەرەسەندندا بوونەتە مایەی داهێنانی ئەو جۆرە بابەتانە، بەڵام ئەو داهێنانە لە خۆیاندا بەشێکن لە چارەسەر، نەک کێشەن، ئەمەش دینامیکی و زیندوویی و کارای ژیان ساغ دەکەنەوە.

- گریمانەکردنی بوونی سەرچاوەیەکی سەرووسروشتی بنەماکانی ئاکار- لە دەرەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە بەهیچ پێوەرێکی لۆجیک، ژیر پشتڕاست ناکرێتەوە.

مرۆڤی ئازاد پێویستی بەوە نییە هیچ ڕێنمایی و قانوون و فرمانێک لەسەرەوە بەسەریدا بسەپێنرێ. ویژدانی خۆی پاڵنەرە نەک هێز و دەسەڵاتێکی دەرەکی کە بەسەریدا بیسەپێنێ چی بکات و ئەرک و فرمانی سەرشانی چییە پیادەی بکات! هەرچی هەیە و نییە- جگە لە مرۆڤ خۆی- ئامرازن بۆ گەیشتن بە ئامانجی دیار و دەستنیشانکراو، ئەو ئامانج و مەبەستانە دەکرێ ببرێنەوە سەر بنەما و پێوەری گشتی لە چوارچێوەی پەرەسەندنی پێوەندی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا.

پێوەری هەڵسەنگاندنی کاروکرداری ئاکارییانە ناکرێ و ناشێ بسەپێنرێ، بەڵکوو لە بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ خۆیەوە پەیدا دەبێ و دەکەوێتەوە. هیچ کاتێک بەها و پێوەر بەبێ ڕەوشی هەڵکەوتی لە ئارادابوو، بوونیان نییە، چونکە ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر ئەوەیە کە جۆری بەرهەمهێنانی کەلوپەل و شمەک لە ژیانی ماددی مرۆڤدا ئەو کارکردەیەیە کە سروشتی گشتی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری بەئاکاریشەوە دیار و دەستنیشان دەکات، ئەوجا تاقیکردنەوەی ژیان قسەکەی کارل مارکسی ساغ کردووەتەوە کە بوون (دەسزایین)، هۆشیاریی مرۆڤ (دەست بیڤوست زایین) دیار و دەستنیشان دەکات.

- گریمانەکردنی سەرچاوەی سەرووسروشتی ترانسندێنتی ئاکار لە دوو خاڵەوە کەوتووەتەوە:

یەک: بڕوا نەبوون بە هێز و توانایی و لێهاتوویی مرۆڤ کە خۆی بەبێ یارمەتی دەرەکی (سەرووسروشتی) هیچی لەدەست نایەت!

**دوو:** ژیان خۆی لە خۆیدا گرێ کوێرەیە و لێوان لێوە لە بەدکاری و ستەم و ناڕاستی و چەوتی، بۆیە دەبێ بابەتیک دابهێنرێ کە خەسڵەتی پیرۆزی (سەرووسروشتی) هەبێ و مرۆڤ لە بەدکاری بگێڕێتەوە و بەرێگای ڕاستدا ببیات، ئەمەش بێ هیچ سێ و دوو لێ کردنێک بە مەبەستی ملکەچ کردن و ژێردەستەیی مرۆڤ بەولاوە ئامانجێکی دیکەی نییە.

- لە سەدەی نوێدا (ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ئاکارەوە هەیە) دوو هەڵوێستی دژ بە یەکتری لەلایەن دوو فەیلەسووفی بەناوبانگەوە تۆمارکراوە کە دوو ئاراستە و بۆچوونی جیاواز دەردەبڕن، سەرنج ڕادەکێشن:

فرەدریک نیتشێ (١٨٤٤- ١٩٠٠ز) ئاکاری بە ئامرازێک داناوە کە لاواز و بێ دەرەتان و هەژاران بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی بەهێزەکان ڕەنگیان ڕشتووە، کەچی لەلایەکی دیکەوە: کارڵ مارکس (١٨١٨- ١٨٨٢ز) بەپێچەوانەوە، وای داناوە کە ئاکار ئامرازێکە دەسەڵاتداران لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا بۆ کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەی کەم دەرامەت و هەژاران بەکاری دەهێنن. ئەم جۆرە ناتەباییە کە بە تەواوەتی لە یەکتری لە سەنگەردان، چۆن لێک دەدرێتەوە!؟

- لەگەڵ بوونی ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوان ئەو هزرمەندە کە بەرجەستەی دوو قۆناغی کولتوور و پەرەسەندنی کۆمەڵگە دەکات، هەردووکیان پێ لەسەر خاڵێکی سەرەکی دادەگرن کە بابەت و بنەمای ئاکار لەلایەن مرۆڤەوە دروست کراوە و داهێنراوە (٧) و بە هیچ جۆرێک بنەمایەکی سەرووسروشتی (ئاسمانی) نییە، بەڵام هەردووکیان ئەو ڕاستییەیان دەرنەبڕیوە کە ئاکار لە دوو بەش پێکهاتووە، کامیان مەبەستیان بووە:

**یەک:** بنەڕەتە هەندەکییەکانی کردار و ڕەوشتی تاکی مرۆڤ کە لە ناخی دەروون و هەست و سۆز و ویژدانەوە- بەپێی سروشتیان- سەرچاوە دەگرن و زۆرجار سوود و قازانج و بەرژەوەندی لابەلایی دەردەبڕن و بەرجەستە دەکەن.

**دوو:** بنەما بنەڕەتییە هەمەکییە نەگۆڕەکان کە لە سروشتی گەوهەریی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن و لەگەڵ ئەوانەدا دێنەوە کە بڕیاری کردنیان دەردەکرێ. ئەمانە خەسڵەتێکی ژیرییان هەیە، هەر ئەو بنەما بنەڕەتییانەن کە گشتاندنیان دەخرێتە پارسەنگەوە و وا وێنا دەکرێن کە سنووربەزێنن و بۆ گشت کات و جێگایەک گونجاون.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- Ursula Wolf: Das Problem des moralischen Sollens. Berlin 1984 S.8.ff.

2- Ursula Wolf: Ebenda. S 12. Ff.

٣ - ر. ج. كولنجود: مقال في المنهج الفلسفي. ت: فاطمة اسماعيل. م. امام عبدالفتاح امام. المجلس الأعلى للثقافة. المشروع القومي للترجمة. القاهرة - ٢٠٠١. ص ١٨١.

4- Augustinus: Bekenntnisse. Insel Verlag 1002. Frankfurt am Main und Leipzig 1987. El ftes Buch 14 – 17. S. 62q.

5- G. E. Moore: Principa Ethica. Reclam 8375/ Stuttgart 1996. S. 7. Ff.

٦ - هربرت ماركوز: فلسفة النفي. ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد. دار الاداب - بيروت، ١٩٧١. ص ١٧٣ فما بعد.

٧ - دكتور فؤاد زكريا: آراء نقدية في مشكلات الفكر والثقافة. الاسكندرية (مصر) ٢٠٠٤، ص٣٩٠.